


# هەڵەبجە

سەرەتا

خۆشەویستان!

ئەونوسراوەی لێرەدا دەکەوێتە بەرنەزەرتان بە چاوی ووتارێکی رازێندراوەو، ئەدەبییاتێکی هەست بزوێن کە شایانی نیشاندانی سۆزو عاتیفە بۆ هەڵەبجە بێ؛ سەیر مەکەن. مەبەستی ئەم نووسینە، ئەوە نیە؛ بەقالبرێژی وراستە وپاستەکردنی ژان وئێشی 20 ساڵە بتوانێ، لە نەهامەتی و ئازارەکانی گەلەکەمان لە سەر هەڵەبجە و،بەتایبەت، خەڵکی هەڵەبجەی شەهید کەم بکاتەوە؛ جێی ئاماژەوئافەرینە کە هۆزانبێژ، شاعیروهونەرمەندی بەهەڵوێستمان زۆر هەیە کە زامەکانی کارەساتەکە بلاوێننەوە و ئەم ئەرکە نیشتیمانیە دیسان دەخەینەوە سەر شانی ئەو بەرێزانە. بۆیە لێرەدا تەنیاهەوڵ دەدرێ سەرنجی ئێوەو بیرو رای گشتی دۆستان وغەمخۆرانی گەلەکەمان بۆ لای ئەوە رابکێشرێ کە چۆن لە سەر هەڵەبجە باسکراوەوگەڵۆ چی بکەین بۆ هەڵەبجە باشە؟ ئیزن بدەن ئەوەی لە سەر هەڵەبجە باسکراوە و، ئەو کەمە خزمەتەش بۆ هەڵەبجە کراوە وەک سەرەتای دەستپێکی ئەم نووسینە بخەینەبەر نەزەری ئێوە ئازیزان!

کۆمەڵکوژی هەڵەبجەوچەند روانگەیەک!

بەر لە هەر شت؛ بۆمان هەیە بڵێین ئەوەی لە سەر هەڵەبجەی شەهید گوتراوە وبۆی ئەنجامدراوە؛ دەکرێ لە دوو خاڵی سەرەکی دا بگونجێندرێن؛ خاڵەکانیش ئەتوانین ئاوا پێناسە بکەین:

1) باس و رێپۆرتاژی هەڤاڵنێر ورۆژنامەورادیۆکانی جیهان کە پشت دەبەستن بە کۆمەڵێک بەڵگە ولێکۆڵینەوەی پاش ڕوودانی کارەساتی هەڵەبجە.

2) باس وهاوار ودادو فیغانی کورد بە گشتی وبە تایبەت کوردی باشوورو؛ لە مەرگ رزگار بووانی، پاشماوەی کارەساتی هەڵەبجە.

لە لایەک بۆ رێزگرتن لە هاودەردی وئاگادارکردنەوەی بیرورای جیهانی لەم کارەساتە ولە لایەکی ترەوە بۆ خستنەرووی گۆشەنیگاجیاوازەکان پێویستە ئاماژەیەکی سەر پێی بە هەر کام لەودوو خاڵە بکرێ:

1) باس و رێپۆرتاژی؛ هەڤاڵنێر ورۆژنامەورادیۆکانی جیهان کە پشت دەبەستن بە کۆمەڵێک بەڵگە ولێکۆڵینەوەی پاش ڕوودانی کارەساتی هەڵەبجە؛

بەهاری 1988 گۆڤاری العالم العربي لە یەکێك لە ستوونەکانیدا بابەتێکی کورتی لە سەر کۆمەڵکوژی هەڵەبجە بڵاوکردەوە. ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ و کارناسی دایمیی ئەو ڕێکخراوە؛ جووست هیلتێرمان (Hilterman Joost) دەڵێ تراژێدی هەڵەبجە بە گازو چەکێک بەرێوەچووکە ڕۆژئاواییەکان دەوڵەتانی دژبەریان پێ تەیار کردبوون. ئەم پسپۆڕە لە وڵاتی هولەندەوە پێوەندی

بەنووسەری ئەم وتارەوە گرت، بۆ دانی زانیاری لە سەر کارەساتی هەڵەبجە! هەر چەند داواکەییم بێ وەڵام نەهێشتەوە، بەڵام پێم گوت کە خەرێکی نووسینی کتێبێکم و لەوێشدا باسی هەڵەبجە دەکەم.

پاش شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق، ئەوبانگەشەیە کە عێراق بۆمببارانی شیمیایی هەڵەبجەی ئەنجام داوە بە تەواوی گەشەی سەند. وەزیری پێشووتری دەرەوەی ئەمریکا جۆرج شووڵتز، George P. Shultz لە سەر داوای نوێنەرانی سەنای ئەمریکا؛ عێراقی وەک تاوانباری کارەساتەکە ناساند.
ڕۆژنامەی واشینگتۆنپۆست لە 4ی5ی1990دا بە پەشتبەستن بە هێندێك زانیاری کە لە وەزارەتی دیفاعی ئەمریکاوە پێیدرابوو چەند دەوڵەتێکی لەم کارەساتە دا تاوانبار کرد. واشینگتۆنپۆست کۆمەڵێک بۆچوونی لە ڕاپۆرتێکی " Institute of the US Army War College Strategic Studies بڵاوکردەوە کە ئەوە دەگەێنێ کە جیا لە بەعس چەند لایەنێکی دیکەی دەرەکیش تاوانبارن. کارناسێکی پایەبەرزی ڕێکخراوی سیای ئەمریکاش بەنێوی ستیفێن پێلتیێر (Stephen Pelletier) کۆمەڵە زانیارێکی داوەتە دەست کە جێی لێوردبوونەوەن. جیا لە وە ڕێکخراوی (Administration Defiance Intelligence) لە ڕۆژنامەی نیۆیۆرک تایمزی سەری ساڵی 2003دا ڕادەگەیەنێ: "کۆمەلکوژی هەڵەبجە دەبێ وەك تاوانێکی شەڕ چاوی لێ بکرێ". ئەو ڕاپۆرتەی ئاژانسی زانیاریی نیزامی کە ستیفێن پێلتیێر باسی لێوە دەکا بەشێکی زۆری تایبەت بووە بە مارسی 1988، واتە چەند ڕۆژێک دوای کارەساتەکە بەڵام تا ساڵی 2003 بە نهێنی ماوەتەوە. ئەوەش ڕەنگە زۆر جێی پرسیار نەبێ چونکە مەسڵەحەتخوازانی زلهێز ودەزگاهەواڵنێرە گوێ لە مستەکانیان، تەنیا ئەوکاتە هەواڵێک لە سەر کورد بڵاو دەکەنەوە کە؛ لە مەسڵەحەتی خۆیان دابێ. جۆرج بووشی سەرۆکی پێشووی ئەمریکاش دواتر کارەساتی هەڵەبجەی وەک یەکێك لە هۆکارە کانی هێرش بۆ سەر ڕێژیمی سەددام ناوهێنا. بە دوای کارەساتی هەڵەبجە کۆمەڵێک ڕۆژنامەی ئورووپاییش غیرەتیان دا بە خۆو، لە سەر کارەساتەکەیان نووسی. ڕۆژنامەکانی لیبڕاسیۆن ولۆمۆندی فەڕانسە دوونموونەی ئەو ڕۆژنامانەیە یە.

لە سەرجەمی ئەم باسانە؛ دەردەکەوی کە بەشێک لە هەواڵنێرو لێکۆڵەرەکان لە سەر ئەوە کۆکن کە بڵێن زیاتر لە گازێک لە بۆمبارانی هەڵەبجە دابەکارهاتووە. ڕاپۆرتی هێندێکییان تەنانەت باسی بە کارهاتنی چوار گازی سیانوور، خەردەل، سارین و، تابوون دەکەن. کە هەموویان خنکێنەرو فەوتێنەرن. ئەوەش بۆ خۆی لە خۆیدا و پاش پشکنینی دەسەڵات وجبەخانەی نیزامی عێراق پرسی بۆمبارانەکە ئاڵۆزترو، گوماناویتر دەکا.

جیا لەو ناوەند ورۆژنامەنوس و پسپۆڕانە کە باسکران؛ چەند ڕا و بۆ چوونی تریش هاتە ئاراوە کە وەک دژبەری بیر و باوەری پێشوو بانگەشەی کرد: ژان پاسکاڵ زێندێرس *Jean Pascal Zenders* سەرۆکی پرۆژەی لێکۆڵینەوە لە شەڕی کیمیایی و بیۆلۆژی لە ئینستیتۆی ئاشتیە لە سوئێد.

Stockholm International Peace Research Institute SIPRI ناوبراو پاش چەند دیدار سەبارەت بە هەڵەبجە،ڕایگەیاند کە لە سەر ئەو باوەڕە نیە؛ لە هەڵەبجە ڕاستەوخۆ سیانوور-هیدرۆژێن بەکارهاتبێ. هەر وەها عەرەبێکی مامۆستای زانکۆ لە وڵاتی بریتانیا بە ناوی د. محەممەد ئەلعوبێدی، ماوەیەکە سەرگەرمی نووسینی کتێبێکە لەسەر راستی ڕووداوی بۆمبارانی شیمیایی

هەڵەبجە. زانیاریەکانی ئەم عەرەبە پشت دەبەستن بەو ئاگاداربیانەوە کە براکەی وەک ئەفسەرێکی پایە بەرزی حکومەتی بەعس هەیبووە ولەئیختیاری ناوە. د. ئەلعوبێدی ساڵی2005 نووسی، تاوانبارکردنی حکومەتی بەعسی سەدام دەگەڕێتەوە بۆ پیلانی سێقۆڵی ئەمریکایی، ئیسرائیلی و کوردی. سەرەڕای هەموو ئەوانە ئەوەی تا ئێستادۆستانی کورد بۆ هەڵەبجەیان کردووە، حەق وایە قەت کورد لە بیری نەکا.

2) باس وهاوار ودادو فیغانی کوردی چوار پارچەی کوردستان بە گشتی وکوردی باشوور؛ بە تایبەت لە مەرگ رزگار بووانی، پاشماوەی کارەساتی هەڵەبجە.

کاتێک دەگەینە باسی خۆمان لە سەر خۆمان دەتوانین بڵێین؛ ٢٥ ساڵە بە تێگڕاکورد لە هەر شوێنێک بووبێ و، کوردی باشووربە تایبەتی هەوڵدەدەن کارەساتی هەڵەبجە بە گوێی ویژدانی مرۆڤایەتی بگەیەنن. دیارە لەم بوارەدا هەڵەبجەییەکان بۆ خۆیان چ وەک بەشێک لە شایەتحاڵی کارەسات وچ وەک پاشماوەی ئازیزانی لەدەست چوویان؛ بەدرێژایی ئەم ٢٥ ساڵە ناڵە وفیغان دەکەن و، هەوڵدەدەن باسی مەزلومیەتی شارە شەهیدەکەیان بەجیهانی بکەن. هەر لەم بوارەدا ئەوەی کادری نەخۆشخانەکان،دەسەڵاتی سیاسی کورد، نووسەران، شاعیران، مێژوو نووسان وهونەرمەندانی: فیلمساز،شانۆکار، شێوەکارو گۆرانی بێژی گەلەکەمان و، ...هتد بۆ هەڵەبجەیان کردووە، دەریایەکە لە خرۆش و،وەک ئەمەگناسییەکی کوردپەروەرانە دەنرخێندرێن. هەروەها ناردنی نەخۆشی بۆمبارانەکە بۆ دەرەوەو، هێنانی گروپی پزیشکی دەرەوە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکان لە نێوخۆ، کە چەند جارێک روویداوەو، تا مانگی فەبریواری ئەم سالیش هەر درێژەی هەبوو؛ وەک درێژەی خزمەتگوزاری ئاماژەیەکە بۆ بە پەرۆشبوونی دەسەڵاتی کوردی. ئەوەش نابێ لە بیر بکەین کە سەرەڕای ئەو هەموو گەندەڵیە کەلە باشووری کوردستان دەکرێ؛ دەسەڵاتی ئەوێ کۆمەڵە کار وپرۆژەیەکی بۆ ناوچەکە دابین کردووە کە جێی سوپاسە. کاتێکیش باس لە غەمخۆری کورد بۆ هەڵەبجە دەکرێ، تێکۆشان وزەحمەتی کوردی نیشتەجێی دەرەوەی وڵات جێی سەرنجە. کورد لە دەرەوە بە پێکهێنانی کۆڕ وکۆمەڵ، مانگرتن، خۆپیشاندان وهەنگامە سازکردن، بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانی تاک، کەسایەتی سیاسی وزانستی و، ڕێکخراوە بەشەردۆستەکان لە دژی دەسەڵاتی بەعس وبە گشتی بۆ راکێشانی سەرنجی جیهانی بێگانە تا ئەو جێیەی بۆیکراوەدرێغی نەکردووە. لە زۆر شوێنی وڵاتانی ئوروپایی، لەو جێگایانەدا کەکوردیان لێ گیرساوەتەوە؛ دەیان وبگرە سەدان گۆڤارو رۆژنامەی لۆکاڵ لە سەر کارەساتی هەڵەبجەیان نووسیوە.

خۆشەویستان!

پاش ئەم وەبیرهێنانەوەیە، بە پێویست دەزانم کە ئەم پرسیارە کە لە سەرەوە هات لێرەدا وەڵام بدرێتەوە؛ پرسیارەکەش ئەمەیە کە:

گەلۆ چی بکەین بۆ هەڵەبجە باشە؟

ئەوەی لە سەرەوە باس کرا؛ سۆز وسکالای کوردی بە جیهان گەیاند، دنیای کپی سیاسەتیشی هەژاند. جیهانی سیاسەت هەر وەک باسمان کرد بە پێی بەرژەوەندی و لێکدانەوەی خۆی هەم بە پشتیوانی وهەم بەدژبەری کورد هاتە مەیدان وبێدەنگی لە سەر تراژێدی هەڵەبجە شکاند. ئەوانەش هەموویان بۆ

زیندووڕاگرتنی کۆمەلکوژیەکە پێویستبوون. بەڵام ئەمەی تا ئێستا لە لایەن کورد خۆیەوە کراوە لە گەڵ ئەوە دەبوو بکرابایە، زەوین وئاسمان نێوانیان هەیە. بۆیە بە پێویست دەزانم بە هێنانی چەند خاڵێک بڵێم بۆ:

- هەرچی کراوە یان کاتی بەتەواوی بێکەسی و بێئاگایی کورد کراوە، یان کاتێک ئەنجام دراوە کە سۆزوعاتیفە هاندەربووە.
- ئەوەی کراوە لێرەولەوێ وتەک وتەرا و پچڕپچڕبووە. بە جۆرێک بە دەست پێکردنی کاری نوێ کاری پێشتر پەراوێز خراوە. مرۆڤ بە دەگمەن کارێکی ئەنجامدراو دەبینێ کە بە پرۆژەو سیستیماتیک وتێکهەڵکشاوبەیەکترەوە بەرێوە چووبێ. نکۆلیش لە وە ناکرێ کە ناژتن وئاوەدان ڕاگرتنی گۆرستانی شەهیدان ودوروست کردنی مۆنۆمێنتی هەڵەبجە کەمە بەرنامەرێژییەکی هەڵ گرتووەوبیری تێدا بەکارچووە.
- کاری زانستی ولێکۆڵینەوەوتوێژینەوەی سەردەمیانە بۆ هەڵەبجە یا نەکراوە یا ئەگەر کەمە کارێکیش کرابێ نەخراوەتە بەنەزەری بیروڕای گشتی.
- لە بەر سامناکی بۆمبارانی شارەکە، هەڵەبجە بۆ خۆی، یان لەبەر هەرچیتر بووبێ، ناوچەکانی بۆمبارانکراوی تری هەڵەبجە باسی لێوەناکرێ وفەرامۆش کراون. ئەم ناوچەوشوێنانە ئەمانەن: شارۆچکەی دووجەیل، گوندەکانی سازان، عەبابەیلێ، عەنەب،خارگێڵان،شارەدێی خورماڵ وچەند شوێنێکی تری دەورووبەری خورماڵ.
- هەول بۆ پەروەردەکردن وپێگەیاندنی خەلکی ناوچەوبەتایبەت لاوانی هەڵەبجەیی نەدراوە بۆیە کارەساتی دڵتەزێنی سووتاندنی مۆنۆمێنتەکەی لێ دەکەوێتەوە.

بە داخەوە نە کەس لێمان بە هێند دەگرێ و، نە زۆرمان گوتووە کە بڵێین؛ ئاکامی بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجە، خەڵک، خاک، داروەدەوەن،ئاو،گیاوسەوزەی سەر عەرز، بوونەوەر وپەلەوەری سەرعەزو، بن عەرز، سەر ئاو بن ئاوو، هەوای ئاسمانی ئەم ناوچە مەزڵوومەشی نەخۆش خست.

ئەگەرتەنیا دوو بەشی ئەم نەخۆشییە باس بکەین دەتوانین بڵێین یەکەم؛ هەموو ئاوی بەنداوی دەربەندیخان وخڕاووچۆمەگەورەو بچووکەکانی ناوچەی ژاراوی کرد. دوویەم جیا لە سەوزایی یەک ساڵە بە گشتی وسەوزی خواردن،میوەودەغڵ ودان بە تایبەت، هەموو گیاوگژی چەندساڵەودایمی ناوچە کە رەگیان بە قولایی چەند میتر لە عەرز دەڕواتە خوار، بۆ وێنە گیایەک کە پیی ئەڵێن مێکووک، ژارەکەیان بە ڕێی ڤۆتۆسێنتێزومژینی ئەو هەوانەوخۆشە وە تا قوڵایی عەرز بردەخوارەوە، ژارەکە لەم قوڵاییە دەست لێنەدراو دەمێنێتەوە. دەشزانین ئەو گیایانە و هەمووگیایەکی ترو، داریش بۆ تەکمیلکردنی ڤۆتۆسێنتێزە کەیان دەبێ دیسان مینەڕاڵ وئاو لە رەگ و ڕیشەیانەوە بێننەوە بۆ گەڵاکانیان وگەڵاکانیشیان پاش وەرینەوە دەکەونەوە سەر عەرز. ئەم دەورووجێگۆڕکەیە چەندە زەرەو زیانی بە ناوچە گەیاندووە ودەگەینێ دیارنییە. پرسیار ئەوەیەئایە ئەم خاکە ئێستاکەش هەر نەخۆشە؟

بەپێی لێکدانەوەی ژێنێتیکی لە سەر گیا کە بە هەر جۆرە ژیان وشۆکێکی نائاسایی وبێگانە لە دژی ئێکۆلۆژی وفیزیۆلۆژی ئێکۆسیستیمەکەی؛ گۆڕانی تێدا پێک دێ وگیایەکە دەگۆڕێ؛ دەتوانین بۆ مرۆڤ و پەلەوەروبوونەوەری سەرعەرز وبن ئاوی ناوچەش ئەم پرسیارە بێنینە ئاراوە کە ئایە گۆڕانی ژێن، و موتاشونی نائاسایی لە وانیش دا پێک نەهاتووە؟ زادووەلەد چی بەسەر هاتووە؟ وەچەکانی پاش بۆمبارانەکە چەندە لێکۆڵینەوەی پزیشکییان لە سەر کراوە؟ روون نییە.

تەنانەت تا ئێستاش بە ڕوونی دەرنەکەوتووە؛ چەند هەزار کەس لەم بۆمبارانە داگیانیان لە دەست دا؟ با بڵێین هەر وەکی باسکراوە 5000 کەس شەهید بوون، باشە ئەوە راستە؟ بە باوەڕی من نا، ئەمە ش کەمایەسییەکی ترە بە تراژێدی هەڵەبجەوە؛ چونکە دەرکەوتووە، کە ئەم ئەژمار وحیسابە پشتی بە لێکۆڵینەوەی زانستیەوە نەبەستووە. بۆ وینە باسی ئەوە نەکراوە چەند ژنی دووگیان شەهید بوون؟ ئێمە ناتوانین ئەم ژنە حەسێب بکەین بەڵام منداڵەکەی نا. باشەلە چەند جێگا گڵکۆی شەهیدانی هەڵەبجە هەیە؟ بریندار ونەخۆشە ئاوارەکانی هەڵەبجە،بۆ کوێ ئاوارە بوون ولە چەند شوێنی ئەم جیهانە پان وبەرینە دا حاوانەتەوە وچییان بۆ کراوە؟ ئەگەر لە نەخۆشخانەیەکی ئوروپا ورۆژئاوایی دا خراونەتە ژێر لێکۆڵینەوەی پزیشکی، بە لیکۆڵینەوەی دەروونیەشەوە؛ ئاکامەی تا چەندە بۆ ئێمەی کورد ولە سەرووی هەموانەوە بۆ خەڵکی هەڵەبجە دەرکەوتووە؟ نکۆڵی لەوە ناکرێ کە کەسانێک یان چەند گرووپ ودەستەیەک بۆ هەڵەبجە تێدەکۆشن و ئاکامی بەشێک لە لێکۆڵینەوە پزیشکیەکانیشیان دەرخستووە وهەوڵ دەدەن کارەساتی هەڵەبجە بە دنیای دەرەوە وەک ژێنۆساید بقەبووڵێنن کە دەبێ واش بکرێ؛ بەڵام لە راستی دا بەشێکی بەرچاوی ئەم خزمەتانە کەوتوونەتە ژێر تەوژمی ململانێی سیاسی وکەڵەوە کێشی ئەم تاقم ودەستانە کە لە دژی دەسەڵاتی کوردی لە کوردستانن وبە پاساوی گەندەڵی لە دەسەڵاتی کوردی دا، هەڵەبجەیان کردۆتە شەمشیری دێمۆکلێس، بۆ هەڕەشە بۆ سەر ئەوان. حەرەکەتی ئەم ئازیزانە سیاسەت لە دژی سیاسەتەو، ئاتوی هەڵەبجەشیان کەوتۆتە دەست. ئەگەر ئەوان بێن وکارەکەیان زانستی بکەن و هەر بە سیاسەتەوە بۆ بە جیهانی کردنی تراژێدی هەڵەبجە نەنووسێن، رەنگە بتوانن کاری باشتر لەوەی کەکردوویان ئەنجام بدەن.

باشترین رێگا چارە بۆ وەدواکەوتن ولێکۆڵینەوە لە سەر هەڵەبجە ئەوەیە کە زۆر بە وردی وبە پشوودرێژیێ پرسی وەدواکەوتنی کارەساتەکە پرۆژەبەندی بکرێ! ئێمە چونکە کەسمان لەم سێمینارەدانیە ودەرەتانی ئەوە شمان نییە کە بە تەلەفوون، وەڵامی بەشە گشتی وپرسیارخوڵقێنەکانی ئەم نووسراوەیە بدەینەوە، هەروەها بۆ ئەوە بۆ نووسین نەمان نووسییێ و تێئۆری ترمان بە تێئۆریەکانی پێشوو زیاد نەکردبێ، کە باوەڕمان وایە دەردێک لە دەردەکانی هەڵەبجە کەم ناکاتەوە. لە گەڵ ئەوەش دا بۆ ئەوە وتارەکەمان زۆر لە حەد درێژە نەکێشێ وکاتی ئێوە ئازیزان زیاترنەگرێ؛ پێشنیارەکانم بۆ بە دوا داکەوتنی کارەساتی هەڵەبجە بە شێوەی خوارەوە گەڵاڵەدەکەم:

- نەخۆشخانەیەکی تایبەتی بۆ هەڵەبجە ولە ناوچەی هەڵەبجە بینا بکری. لەم نە خۆشخانەیەدا جیا لە بەشی گشتی وەک هەموو نەخۆشخانەیەکی تر، لانی کەم چوار بەشی تایبەتی بۆ وەدواکەوتن وچارەسەری نەخۆشە شیمیایی لێدراوەکان دابندرێ. ئەم چوار بەشەش ئەوانە بن: بەشی ژێنێتیک ولێکۆڵینەوەی ژێنێتیکی، بەشی دەروونناسی، بەشی نموونە بەرداری ئەم

جەستانەی برینی کۆنیان پێوەدیارە، بەشی نەخۆشیەکانی دەروون جەستەیی،بە تایبەت بۆ ئازمایشی سیپەلاک وسیستیمی هەڵمژینی دەروون.

- ناوەندێکی گەورەی لێکۆڵینەوەی نەخۆشیەکانی عەرز، ئاو، داروەدوەن وگیاوسەوزە وبوونەوەر دابندرێ. ئەم ناوەندە لە بەشەکانی: نەخۆشیناسی خاک، نەخۆشیناسی ئاژەڵ،پەلەوەرو بوونەوەر پێک بێ. لەم ناوەندەدا پێویستە لە هەموو شوێن وناوچەی هەڵەبجە، تێست وپرۆڤەی خاک، گیاودەوەن، لە ڕیشەوە تا چیلکەوچاڵ بکرێ. بە تایبەت لێکۆڵینەوە ی زیاتر لە هێندێک شوێن کە مینڕاڵیان زۆرترە بکرێ. چونکە تەبەلور وخۆتێکەڵاو کردنی ماددەی شیمیایی وحەزی پێوەچەسپان وخۆڕاگریان بە مینەڕاڵەوە زۆر زیاترە لە مەوادی ئۆرگانیکی. ئەمە لە بەر ئەوەیە کە بتواندرێ، ئومێد بە وەدەست هێنانی ئاکامی چاوەڕوان کراو زیاتر بکا.
- ناوەندێکی لێکۆڵینەوە، لێپرسینەوەو، بەدوا داچوونی بیرەوەری،کارەساتەکە پێک بێ. نابێ لە بیرمان بچێ کە مێژوو هەر ئەوەنیە کە نووسراوە، ئێمەش دەتوانین لە ئێستاوە بۆ وەچەکانی دوارۆ مێژوو بنووسین. بۆیە ئەم وەدوا کەوتنە ش زۆر پێویستە.

بۆ بەدوا داچوون وئەنجامی ئەم پڕۆسەگەورەیە کە چەند پڕۆژە و پلان لە خۆی دەگرێ پێویستە ئەم کارانە بکرێ:

- لە هەمووی ئەم بوارانەدا پسپۆر دابمەزرێ وتەواوی دامەزراوەکانیش لە ژێر چاوەدێری پسپۆری خۆماڵی دا کار بکەن
- هەوڵ بدرێ بە دەعوەتکردن وپشتیوانی کردنی کۆمەڵێک پسپۆڕی بێگانە بە تایبەت ئەم پسپۆڕو شارەزایانەی کە خانەنشین و بازنشەستەن و دەرەتانی هاتن و مانەوەیان لە کوردستان زۆرترە.
- هەرچەند ئەم کارە بە بوودجەو پلانی وەگەڕخستنی ئەم پرۆسە گەورەیەدەکرێ، پێویستە تەواوی ئەم پلانە بدرێ بە کەسانی زانستی وپسپۆر ودەسەلاتی کارکردنیشیان پێبدرێ.

خوێنەران وبیسەرانی ئازیز! ئەوە کە لەم نووسینەدا ئاماژەی پێکرا، هەوڵێک بوو بۆ تێکۆشانی بەڵگەدارکردن، چارەسەری، ڕاستکردنەوەی دۆخی شێواوو، قەرەبووکردنەوەی ئینسانی تراژێدی هەڵەبجە. لێرەدا دەبێ بگوترێ کە سەبارەت بە هەڵەبجە هەوڵ بۆ قەرەبووکردنەوەی ئابووریش ئەدرێ کە ئەمەیان نیازی بە بوارێکی تری تێکۆشانی دڵسۆزانە هەیە نەک ئەم وتارە.

لە گەڵ داوای سەرکەوتن بۆ هەموو لایەک

ئوستادی زانست وپسپۆڕی ناسینی نەخۆشیەکانی ئاو،خاک وگیا

جەعفەر حامیدی نۆڕوێژ ئۆسلۆ

**مانگی 12 ی ٢٧١٢ی کوردی**

سەرچاوە:

1. سەرچاوەکانی سەرەوە
2. لێکۆڵینەوەیەکی شەخسی
3. نووسەری ئەم باسەبەرپرسی یەکەمی دەرکردنی هێزی حدکابووە لە و کارەساتەکەدا هێزی حیزبی دێمۆکرات بە تێگڕایی ٩٧٤ نەفەر بوون!

بە وێنەی سەردانی هەڵەبجە پاش 12 ساڵ لە تێپەڕبوونی کارەساتەکە . لەم رۆژەدا بە شێوەی ڕەسمی لە لایەن کاربەدەستانی کوردستاوە بانگهێشتن کرام بۆ سەردانی دووبارەی هەڵەبجە و بە شێوەی رەسمی وێنەی هەڵەبجەی شەهیدم درایە.











